وێنەیەکی تەرجەمە کراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ١٢**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/٧/١**

پشت بەحوکمەکانی برگە(١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لەیاسای ژمارە (١)ی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢) و لەسەر داوای وەزیری رۆشنبیری و رەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٦)ی رۆژی (٢٠٠٢/٦/٣٠)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٢
## یاسای ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراق
## بەشی یەکەم
## پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەسەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەنجومەن: ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

سەرۆک: سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئەمینداری دارایی: ئەمینداری کاروباری دارایی ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراق.

مەکتەب: مەکتەبی یانەو یەکێتییە وەرزشییەکان لەبارەگای ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

یەکێتی: دەستەیەکی وەرزشییە، بە ئەنجومەنەوە پەیوەستە و، سەرپەرشتیی کاروباری گەمەیەک لە گەمە وەرزشییەکان دەکات.

یانە: دەستەیەکی بەپێی یاسا نیجازە پێدراوە، لە کۆمەڵێ خەڵک پێک دێت کە لە هزرێکی وەرزشیدا یەک دەگرنەوە.

## بەشی دووەم
## دامەزراندن و فرمان و ئامانجەکانی

**ماددەی دووەم:**

بەپێی ئەم یاسایە، ئەنجومەنێ بەناوی (ئەنجومەنی باڵای وەرزشی هەرێمی کوردستانی عێراق) ساز دەدرێت و بە باڵاترین دەستەی کاروباری وەرزشیی هەرێم لە قەڵەم دەدرێ وبەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیوەست دەبێ و بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێمدا دەبێ و، لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

یەکەم/ دەستەی گشتی، لەمانە پێک دێت:

١ - سەرۆکانی یەکێتییە وەرزشییەکانی هەرێم.

٢ - سەرۆکانی یانە وەرزشییەکانی هەرێم.

٣- بەرپرسانی لیژنە گەلی وەرزشیی پارێزگاکان.

دووەم: دەستەی تەنفیزی، لەمانەی خوارەوە پێک دێت:

١- سەرۆک.

٢- جێگری سەرۆک.

٣- سکرتێر.

٤- ئەمینداری دارایی.

٥- بەرپرسی یانەو یەکێتیە وەرزشییەکان.

٦- بەرپرسی مەکتەبی پێوەندیگەل وراگەیاندن.

٧- بەرپرسانی لیژنەگەلی وەرزشیی پارێزگاکان.

٨- نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری.

٩- نوێنەری وەزارەتی پەروەردە.

١٠- نوێنەری فێرکردنی باڵا.

١١- نوێنەری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.

١٢- نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ.

١٣- نوێنەری لاوانی کوردستان.

١٤- (٣) سێ شارەزای پسپۆر کە سەرۆک بە رەزامەندیی ئەنجومەن ناوزەدیان دەکات.

سێیەم: لیژنە وەرزشییەکانی پارێزگاکان:

لیژنەی پارێزگا لە (٣) سێ ئەندام پێک دێت کە لەلایەن سەرۆکانی یەکێتی و یانە وەرزشییەکانی پارێزگاکەوە هەڵدەبژێردرێن و لیژنەکەش لەناو ئەندامەکانی

خۆیدا سەرۆکێک و بەرپرسێکی دارایی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ. ئەرکی سەرشانی ئەم لیژنەیە ئەوەیە کە سەرپەرشتی هەموو کاروبارێکی وەرزشیی پارێزگاکە دەکاو راپۆرتگەلی خولاوخول(تقارير دورية) یش لەبارەی بزاڤی وەرزشییەوە پێشکەش بە ئەنجومەن دەکات.

**ماددەی سێیەم:**

ئەنجومەن سەربەخۆیی ئیداری و دارایی خۆی هەیە و شەخسییەتی مەعنەویی خۆیشی دەبێت.

**ماددەی چوارەم:**

ئامانجی ئەنجومەن ئەوەیە کە:

١- خەمخۆریی بزاڤی وەرزشی لە هەرێمدا بکاو بەرەو چاکتری ببات.

٢- بیروباوەڕو ئامانجەکانی لیژنەی ئۆڵەمپیی نێودەوڵەتی رەگداکوتاو بکات.

٣- گرنگیی بزووتنەوەو چالاکییەکانی وەرزش زدق وزۆپ بخاتەڕوو بەجۆرێ کە لەگەڵ ئامانجەکانی گەلی کوردستانی عێراقدا بگونجێ.

٤- یاریدەی یانەو یەکێتییە وەرزشییەکانی هەرێم بدات و لەهەموو روویەکەوە پشتیان بگرێ تا بتوانن ئەرک وفرمانی خۆیان بەو شێوەیەی کە ئومێدیان لێ دەکرێ ئەنجام بدەن.

٥- بۆ هاوکۆمەکی وهاودەنگی لەگەڵ یەکێتی و یانە وەرزشییەکانی دەرەوەی هەرێمدا بکەوێتەکار.

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: دەستەی تەنفیزی، هەر دوومانگ جارێک، کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ساز دەدات و، سەرۆک یان دووسێیەکی ئەندامانیش بۆیان هەیە بۆ کۆبوونەوەیەکی لاوەکی بانگهێشتی بکەن.

دووەم: دەستەی تەنفیزی ئەم ئەرک و فرمانانە دەگرێتە ئەستۆ:

١- بەرنامەی وەرزشیی وەرزی وەرزش دادەنێ و دەیخاتە بەردەست دەستەی گشتی بۆ موسادەقە لەسەر کردنی.

٢- ئەرک وفرمان و بزاڤی لیژنە وەرزشییەکانی پارێزگا دیاردەکات.

٣- دابەشکردنی کۆمەکی دارایی بەسەر یانەو یەکێتییە وەرزشییەکاندا رێک دەخات.

٤- بەپێی یاسا ئیجازە بە یانەوەرزشییەکان دەدات.

٥- ئیدارەی دەزگاو یاریگە وەرزشییەکان بەڕێوەدەبات.

٦- بەپێی یاسا یەکگرتنی دوویانە یان زیاتر ئیقرار دەکات.
٧- ئەگەر دەستەی ئیدارەی یانەو یەکێتییە وەرزشییەکان لە یاسا و عورف وعادەتی وەرزشی لابدەن سزایان بەسەردا دەسەپێنێ، بە لەکارخستن و هەڵوەشاندنەوەشیانەوە.
٨- سەلاحیەتی دەرهێنانی فەرمانگەلی ناردنی شاندی بۆ ناوەوەو دەرەوەی هەرێمیش هەیە.

## بەشی سێیەم

### ماددەی شەشەم:

ئەرک وفرمانەکانی سەرۆک:
سەرۆک ئەم ئەرک وفرمانانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:
١- سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی و دەستەی تەنفیزی دەکات.
٢- لەبەردەمی دادگاو لایەنەکانی دیکەی حکومەت و لایەنی دیکەشدا نوێنەرایەتیی ئەنجومەن دەکاو، دەشتوانێ کەسێکی تر لەجیاتی خۆی بۆ ئەو ئەرکە دابنێ.
٣- بەپێی بنیچە یاساییەکان هەموو گرێبەست وپێکهاتنە وەرزشییەکان ئیمزا دەکات.
٤- لەگەڵ ئەمینداری داراییدا ئیزنەکانی صەرف و صکوک ئیمزا دەکات.
٥ـ هەندێ لە ئەرک و فرمانەکانی خۆی بە جێگری سەرۆک دەسپێرێ.
٦- ئەرک وفرمان و سەلاحیاتی سکرتێر و ئەمینداری دارایی دەستنیشان دەکات.

### ماددەی حەوتەم:

دەستەی گشتی ئەمانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:
١- سەرۆک و ئەندامانی دەستەی تەنفیزی هەڵدەبژێرێت ـ تەنیا نوێنەرانی وەزارەتەکان و لاوانی کوردستان و ئەو شارەزایانەشی لێ دەرچێ کە بەدامەزراندن دادەمەزرێن.
٢- گفتوگۆ لەسەر مەحزەری کۆبوونەوەکانی پێشتر دەکات.
٣- راپۆرتی چالاکی وپلانە جۆربەجۆرەکانی ساڵی تازەی ئەنجومەن تەسدیق دەکات.
٤- گفتوگۆ لەسەر ئەو پێشنیازانە دەکات کە یەکێتی ویانە وەرزشییەکان پێشکەشی دەکەن، ئەوجا بەر لە کۆبوونەوە، لەکەمی بە مانگێک بەنووسین پێشکەشی دەکات بە مەکتەبی یەکێتی و یانەکانی ئەنجومەن.
٥- راپۆرتی حساباتی کۆتایی ساڵی دارایی رابوردووی ئەمینداری دارایی ئەنجومەن تەسدیق دەکات.
٦- بوجەی ساڵانەی ئەنجومەن ئامادە دەکات وپێشکەشی دەکات بەلایەنە پێوەندیدارەکان.
٧- دروشمی ئەنجومەن دیاردەکات.

**ماددەی هەشتەم:**

دەستەی کشتی لەکۆتایی هەموو ساڵێکدا لەسەر بانگهێشتنی نووسراوی دەستەی تەنفیزی کۆبوونەوەیەک ساز دەدات. لەو بانگهێشتەدا دەستەی تەنفیزی کات وجێگای کۆبوونەوەکە دیاردەکات و ئەم بەیانامانەشی لەکەڵدا دەنێرێ:

١- لیستی نیشەکان.

٢- راپۆرتی تەدقیقکاری حسابات لە ئەنجومەن.

٣- راپۆرتی ژمێریاری یاسایی لەبارەی ساڵی دارایی رابوردوو.

٤- خەملاندنەکانی بوجەی ساڵی دادێ.

**ماددەی نۆیەم:**

١- لەکۆبوونەوەی دەستەی کشتیدا، نیصابی یاسایی بە ئامادەبوونی دووسێیەکی ئەندامان دێتەجێ، دەنا کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی یەک هەفتە دوادەخرێت و نیصاب بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان دێتەجێ.

٢- ئەگەر هەلومەرجێکی ناکاو روویداو دەستەی کشتی لەکاتی دیارکراودا کۆنەبوودوە، ئەوە لەو باردا پێویستە لەسەر ئەنجومەن کات و وەختێکی تر بۆ کۆبوونەوەکە دیاربکات و ئەندامەکانیشی لێ ئاگادار بکات.

٣- دەستەی کشتی کۆبوونەوەکانی خۆی بە سەرۆکایەتیی سەرۆک سازدەداو ئەگەر ئەو دیارنەبوو، ئەوە لەو باردا بەسەرۆکایەتیی جێگرەکەی سازی دەدات.

٤- ئەگەر سەرۆک وجێگرەکەشی هەردووکیان دیارنەبوون، ئەوا کۆبوونەوەکە بۆ ماوەی هەفتەیەک دوادەخرێ، خۆ ئەگەر هات ولە کۆبوونەوەی دوای ئەوەشدا ئامادە نەبوون، ئەوە لەو باردا دەستەی کشتی لەناو ئەندامەکانی ئەنجومەندا سەرۆکێک بۆ کۆبوونەوەکە دەسنیشان دەکات.

٥- دەستەی کشتی بریارەکانی خۆی بە زۆرینەی رەها دەردەهێنێ و، ئەگەر دەنگەکانیش هاوتابوون، ئەوە لەو باردا دەنگی سەرۆک بۆ کام تایان بووبێ، بۆ ئەوە.

٦- دەنکدان لەسەر بریارەکانی دەستەی کشتی لە رووە.

**ماددەی دەیەم:**

١- دەشێ سەرۆک، یان دوو سێیەکی ئەندامانی دەستەی تەنفیزی، بانگهێشتی دەستەی گشتی بکەن بۆ کۆبوونەوەیەکی لاوەکی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەگەلی دیارکراو.

٢- دەستەی گشتی ناشێ کۆبوونەوەیەکی لاوەکی بۆ سەیرکردنی بابەتێک کە لەوە پێش بڕدراوەتەوە ساز بدات تا شەش مانگ بەسەر ئەو کۆبوونەوەیەدا رانەبووڕێ کە بابەتەکەی تێدا بڕدراوەتەوە.

٣- لەکۆبوونەوە لاوەکییەکاندا هەمان ئیجراناتی کۆبوونەوە ئاساییەکان دەگیرێتە بەر.

**بەشی چوارەم**

**حوکمە داراییەکان**

**ماددەی یازدە:**

دارایی ئەنجومەن لەمانە پێک دێت:

١- ئەو بڕە پارانەی کە لە بوجەی هەرێمدا بۆی دانراوە.

٢- داهاتی دەزگا و یاریگە وەرزشییەکانی سەربە ئەنجومەن.

٣- کرێی ماڵ وموڵکی گواستەنی وناگواستەنیی ئەنجومەن.

٤- باربۆو بەخشش.

٥- رەسمی ئیجازەپێدانی کردنەوەو رەسمی تازەکردنەوەی ئیجازەی ئەو یاریگەو یانە وەرزشییانەی کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرێن.

**ماددەی دوازدە:**

حساباتی ئەنجومەن دەکەوێتە ژێر رکێفی ریقابەی داراییەوە.

**ماددەی سیازدە:**

١- ماوەی دەستەی تەنفیزی چوار ساڵی رۆژژمێرییە (تقویمیة)، بەمەرجێ ئەندامەکانی دوای هەر خولێکی ئۆڵەمپی سا، ساز بدرێ یان نەدرێ، یەکسەر دەسنیشان بکرێن.

٢- لەپاش کۆتایی هاتنی ئەم خولە ئۆڵەمپییەی ئێستا، ماوەی دەستەی تەنفیزیی یەکەم چوار ساڵی رۆژژمێری دەبێت.

## بەشی پێنجەم
## حوكمە كۆتاییەكان

**ماددەی چواردە:**

ئەنجومەن بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ سانا كردنی بەركارخستنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی پازدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەركار.

**ماددەی شازدە:**

پێویستە وەزیرە پێوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە بخەنە بەركار.

**ماددەی حەڤدە:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە(وەقایعی كوردستان) دا، دەخرێتە بەركار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی ـ عێراق**